سەلاحەدین بۆهائەدین: پارتی و یەکگرتی دەسەڵاتیان بە بەرژەوەندی خەیان بەکارهێناوە

ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت، پارتی و یەکگرتی لە بەغدا دەسەڵات و کورسیان بە بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی خەیان بەکارهێناوە و دەشێت، "پێویستە هاوڵاتیان جیاوازی بکەن لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ، چاك و پیس، دیاریشە کە چاك و پیس وەك یەك نین، پێویستە سەرنج لەسەر چاکەکان بێت".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی یەکگرتوی ئیسلامی، لەمیانەی بەسەرکردنەوەی هەردو قەزای شارەزور و سەیدسادق، ئەمڕۆ پێنجشەممە بەیاوەری ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و شواری گشتی و کاندیدانی لیستی حزبەکەی سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لە وتارێکدا رایگەیاند، بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزە و لەدوای ڕاگرتنی شەڕی دژی غەززە، هێشتا پریشکی ئاگری شەڕ لەبەردەم دەرگای وڵاتانی ناوچەکەیە، ئەگەر کاربەدەستانی عێراق و هەرێم ژیرانە مامەڵە نەکەن، پریشکیان بەردەکەوێت، سەرەڕای گۆڕانکارییەکانی سوریاش هێشتا دەرهاویشتەکانی ماون".

وتیشی، "لەئێستادا زلهێزەکانی ناوچەکەو جیهان دەیانەوێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە

گەلانکاری لەحکومەتانی عێراقدا بکەن، ئەگەر بەهەڵبژاردن چارەسەر نەبو، دور نیە پەنا بە کردەی سەربازی ببرێت، بۆیە هەڵبژاردنی ئەمجارە گرنگ و چارەنوسسازە و جێی داخە لەم هەلومەرجە ناسکەشدا کورد بەتایبەت یەکێتی و پارتی ناتەباو ناکۆکن".

ئەمینداری گشتی یەکگرتو جەختیکردەوە، "کورد پێویستی بەهەزکی سیەمی بەهەزە لە بەغدا لەدەرەوەی یەکێتی و پارتی بە بەدەستهێنانی مافەکانی هاوڵاتیانی هەرێم، چونکە لە ڵابردودا کاربەدەستانی یەکێتی و پارتی لە بەغداد کورسی و بەرژەوەندیەکانیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی بەکارهێناوە".

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانیش ئەمینداری گشتی یەکگرتو باسی لەوەشکرد، "ئێمە کەمەڵك کاندیدی بۆرو ڵاستگۆو دەستپاك و دڵسۆزمان بەربژێر کردوە بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئێمە لەگەڵ دروشمەکانی خۆمان ڵاستگۆبوین، هەڵبژاردن بە گۆڕینی کورسیەکانی ئەوانە سەرەڕایی چاوسورکردنەوە و ترس و تۆقاندن، بۆیە پێویستە هاوڵاتیان جیاوازی بکەن لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ، چاك و پیس، دیاریشە کە چاك و پیس وەك یەك نین، پێویستە سەرنج لەسەر چاکەکان بێت، ئەگەر پیسیش بەپیسیەکەی خۆی سەرنجت زیاتر ڵا بکۆشێت".